# چەمکی گەشەپێدان.. گەڕانەوەی ڕێز بۆ مرۆڤ

ن: د. نەسر محەمەد عارف
و: شەماڵ نوری

چاودێر لە گۆڕانی بواری لێکۆڵینەوەی گەشەپێداندا دەزانێت ئەم بوارە کەموکورتی تێدایە و گەشەی نەکردووەو، مەبەست و واتای تەواو نییە، سنوورەکانی روون و ئاشکرا نین، رەنگە شیکردنەوەی ئەو پێشکەوتنەی کە تەوەرەی چەمکەکە لەم بوارەدا پێیدا تێپەڕبوو، واتە چەمکی (گەشەپێدان)و ئەو زیادانەی خراوەتە سەری تەئکید لەسەر ئەو گریمانە بکاتەوە. لە سەرەتادا گەشەپێدان وەکو واژەو بابەتێک و دەربڕینێک بوو بۆ پرۆسەیەکی ئابووری ماددی، لەسەر بنەماکانی ژێرخانی ئابووری و تەکنەلۆژیاو پێشکەوتنی پێداویستییە ماددیی و بنەڕەتیەکانی مرۆڤ.

واتە: گەرچی ئەم چەمکە بانگەشەی گشتگیری و سەرتاپایی (شمولییەت) دەکات، لە رێگای جۆراوجۆری شێوەکانی

گەشـەپێـدان و بوارەکانی سـیاسـی و ئابووری..هتد. هەر زوو کـۆنتـرۆڵکرا لەلایەن زانسـتـی ئابـوورییـەوە لـەسـەر حـسـابی بوارەکـانـی تری زانسـتـە کـۆمـەڵایـەتی و مـرۆییـەکان. گـەشـەپێـدان چەندین مـەبەست و مـانای بۆ رەهـەندە کۆمـەڵایەتییـەکـان لەخۆگرت، بەڵام ئاماژە ئابوورییەکان بە نیشانەو زانیارییـەکان خاڵی پەیوەندییـەکان بوو.

لێرەدا قـۆناغی دووەمی پێشکەوتنی ئەم چەمکە دەرکەوت، قۆناغێکە تێیدا چەمکی گشتگیر یاخود سەرتاپا خرایە سەر چەمکی گەشەپێدان (گەشەپێدانی گشتگیر) کە بەبێ زیادکردنی ووتەی گشتگیر گەشەپێدان واتای تەواو و گشتی ناگەیەنێت.

چەمکی گـەشـەپێـدانی سـەرتاپا: مـەبەست لەو پرۆسـە گـشـتـییـەیە کە سـەرجـەم ئاراسـتـەو رەهـەندەکـانی ژیانـی مـرۆڤ و کۆمـەڵگە دەگرێتـەوەو، کۆنتـرۆڵی سـەرجـەم بوار و پسـپـۆڕایەتییـەکان دەکـات و تێکەڵ بە سـەرجـەم زانسـتـە کۆمـەڵایەتیـیـەکان دەبێت.

چەمکی گـەشـەپێدانی گشـتگیر لەکاتێکدا دەرکـەوت دەلالەتی یەکەمی چەمکەکە لە چوارچێوەی رەهـەندە ئابووری و ماددییـەکانی پرۆسـەی پێشکەوتنی کۆمـەڵگە دەرباز نەبووبوون، فـێـرکردن بە پێـوەری ژێرخـانە مـاددییـەکـە دەپێوررێت، نەک بەگـەشـەی کۆمـەڵایەتی و ناوەڕۆکە رۆشنبیـری و ئەخلاقییەکان، ئابووریش دەپێورێت بە بازاڕی کـارو، کێبـڕکێی سـەرمایەگوزاری و باشـی دەرامـەتەکانی بەردەست، نەک بەپێـوەری دابەشکردن و پێشخسـتن و زیادکردنی تواناو دەرامەتەکان.

ئەو وڵاتانەی کـە دەرامـەتی نێوخـۆییـان کـەمـە یاخود یەک دوو دەرامـەتیـان هـەیە، زۆرن و لەناویـاندا وڵاتی ژاپۆنیـش کـەچی توانای جـێـبـەجێ کـردنـی گـەشـەپێـدانی راسـتـەقـینـەیان هـەیە، زۆر وڵاتیش هەیە بە پێـچـەوانەوە خـاوەنی دەرامـەتن کـەچی توانای تێرکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانیشیان نییە، گەشەپێدانی سەربەخۆ هـاو واتا نیـیـە بۆ داخـسـتن، بەڵکو بە پێـچـەوانەوە حـاڵەتێکی چالاک و کـاریگەرە، لە

شوێنی کردارەوە نەک کاردانەوە، مەبەست لێرەدا سەربەخۆییەی دەرامەت و تواناکان، سەرەتای بەدیهێنانی سەربەخۆییەی راستەقینەیە، لە رێگای دەرچوون لە قاوغی ئیمپریالییەت کە لە سێ سەدەی دواییدا بەسەر کۆمەڵگاکانی جیهانی سێ دا سەپێندرابوو، بەشێوەیەک لەگەڵ بەرژەوەندی وڵاتانی ئەوروپیدا بگونجێت، بگرە چاندن و کشتوکاڵێکی لەسەر سەپاندوون کە ئیمپریالییەت پێویستیەتی.

هەنگاوی دووەم دووبارە دۆزینەوەی دەرامەتە نیشتمانییەکانە، کە تەرکیز نەخراوەتە سەری و تەنیا تەرکیز لەسەر ئەو بەشە کراوە کە داگیرکەر خواستێتی، ئەو وڵاتانەی پۆلین کراون بەوەی وڵاتی پترۆڵێن خاوەنی دەرامەتی دیکەشن کە دەکرێت مرۆڤ کاریگەر و بەتوانا بکات، نەک تەنیا مرۆڤێکی بەکارهێنەر، دووبارە چاوخشاندنەوە بە ئاڵو وێری دەرامەتە سروشتی و مرۆییەکان، لەگەڵ وڵاتان و کۆمەڵگاکانی تری جیهانی پێویستییەکی سەردەمە، لە ئاسۆیەکی مرۆڤایەتی و سەربەست بە پشت بەستن بە ئاڵو و ێر نەک پاشکەوتەیی، بگرە لە سوود وەرگرتنی بەرامبەر نەک ئیستغلال و هەلپەرستی، لەسەر هاوسەنگ بوون و دادوەری نەک زۆرداری و ستەم و چەوساندنەوە ئەگەر چەمکی (گەشەپێدانی سەرتاپا) توانیبێتی لە کەموکورتی بابەتیانەی چەمکی (گەشەپێدان) تێپەڕبێت، بەڵام لە داڕشتنەوەی یەکەمیدا نەیتوانیوە لەو کەموکورتییە جوگرافیایی و ستراتیژییەی چەمکەکە تێپەڕبێت، چەمکی گەشەپێدان هەڵگری دەلالەتی پاشکەوتەیی نموونەیی گەشەپێدانە لە جیهانی سێ و نموونەیی نوێگەری پیشەسازی رۆژ ئاواییە، تەنانەت هەڵگری حوکمەکانی پاشکەوتەیی رۆشنبیری و شارستانێتەکانی ترە بەرامبەرە شارستانییەتی باڵادەست لە تێڕوانینەکانی بۆ ئابووری و کارگێڕی، لەسەرووی ئەمەشەوە ئەم چەمکە کار بۆ دامەزران و رێکخستنی وزەو تواناکانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو دەکات، بۆ بەدواداچوونی هەنگاوەی کۆمەڵگاکانی دیکە، دەرامەت و توانای کۆمەڵگاکان بۆ خزمەتی وڵاتان و کۆمەڵگاکانی ناسراو بە ناوەند

بەکاردەهێنێ، ئەمەش لە ساسەی پەیوەندییەکانی پاشکەوتەییەوە، هەر بۆیە چەمکی گەشەپێدان – ئەگەر بێت و خەسڵەتی شمولیشی (سەرتاپای) بۆ دانرێت جیهان دابەش دەکات بەسەر (ناوەند و کەنار)، "پێشکەوتوو دواکەوتوو، پاشکەوتەو پێشکەوتە، بۆ بەرهەمهێنەری تەکنەلۆژیاو هزر و بەکارهێنەری، لەم روانگەیەوە پێویستی بە چارەسەرکردنی ئەم کەموکورتییە هەیە، تاوەکو گەورەیی و دەسەڵات بگەڕێتەوە بۆ پرۆسە گەشەپێدان وەکو پرۆسەیەکی گشتگیر، هاوکات بەشێوەیەک ئاراستە بکرێت کە لەگەڵ چوارچێوە جوگرافیایی و، دەوروبەرە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و شارستانییەکەی بگونجێت، بەو ئامانجە ستراتیژییەی لە خزمەتی کۆمەڵگاو مرۆڤایەتیدا بێت، کە کاری بۆ دەکات و تێدەکۆشێت لەپێناو بەدیهێنانی.

بەشێوەیەک لەگەڵ سەرجەم رەهەندەکانی هاوکێشەی نێودەوڵەتی بگونجێت، بەمجۆرە چەمکی گەشەپێدانی (سەربەخۆ) دەرکەوت، تاوەکو پرۆسەی گەشەپێدان بە هەموو شێوەو رەهەندەکانی تەرکیز بخاتە نێو خۆو ئەوەندە پابەندی دەرەکی نەبێت، ئەم تێڕوانینە وەبیر هێنانەوەی پێکدادانی بەرژەوەندییەکان و هاو دژایەتی و جیاوازییەکانی نێوان (ناوەند و کەنار)ە، یاخود لەنێوان پێشکەوتوو دواکەوتوودا، هاوکات جەخت کردنەوەیە لەسەر رەهەندەکانی خودی پرۆسەی گەشەپێدان و، بە جێهێشتنی گرفت و کەموکورتییەکانی بواری جوگرافی، کە لەچەمکی پێشوی گەشەپێدان بالادەست بوو، هاوسەنگییەکیش لەنێوان ئاراستە دژ بە یەکەکان و بەرژەوەندییەکان دروست دەکات، کە لە چوارچێوەی (خود) چەق دەبەستێت، بەسەرجەم رەهەند و دەلالەت و ماناکانی تری.

چەمکی گەشەپێداندا سەربەخۆ (نەوەی سێ لە سەرهەڵدانی چەمکی گەشەپێدان) چەمکێکی نوقسانە لە گەشەو ناکامڵە لە هێزدا، ئەم تێڕوانینەو ئاراستەیەی (سێ)ی کەموکورتی نەبوو، کە دواتر بەشێوەیەکی راستەوخۆ کاریگەری لەسەر شمولییەت و چۆنیەتی دەربڕینی بۆ گەشەکردنی تەواوی شارستانی هەبوو، بە

رادەیەک توانای باشکردنی واقیع و خۆ گونجانی لەگەڵیدا نەبوو تاوەکو لە قەیرانی دواکەوتەیی دەربازبێت، بگرە چەمکی گەشەپێدانی لە قۆناغەکانی سەرەتایی و گشتگیری و سەربەخۆیی والێکرد هەڵگری کەموکورتییەکانی خودی خۆی بێت، کە دواتر تۆوی لەناوچوون، هۆکاری شکستی خۆی هەڵگرتبوو، دوور نییە لە راستییەوە گەر بڵێین: "چەمکی گەشەپێدان تەنانەت نەک تەنیا بە پێچەوانەی ئامانجەکانییەوەیە، بگرە لە دژی ئەو ئامانجانەش کار دەکات"، شکستی زۆر بەی پلان و پرۆگرامەکانی گەشەپێدان جوانترین بەڵگەیە. دروشم و داواکارییەکانی بانگەشەکارانی پاراستنی ژینگە و زەوی و رووبەڕووبوونەوەی کارەساتە سروشتییەکان نموونەی بەرچاوی ئەم شکستییەیە، کە لە ئاکامی ئەو پیشەسازییە کەوتۆتەوە کە گەشەپێدان هانی دەدات و تەنگوچەڵەمەی جۆراوجۆری لێکەوتووە هەر لە کونبوونی ئۆزۆن و تا بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرمای زەوی و تەسکبوونەوەی پانتاییەکانی سەوزایی و زیادبوونی شاڵاوی بەبیابانبوون و..هتد ئالێرەدا چەمکی (چوارەم)ی گەشەپێدان دروستبوو کە دوا بانگەشەو داواکاری ئەم بوارەیە، ئەویش چەمکی (گەشەپێدانی بەردەوام)ە، "بەو واتایەی گەشەپێدان لە ماناکانی پێشوودا خاوەنی ئەم خەسڵەتە نەبووە"، ئەم چەمکە نوێیە دەریخست گەشەپێدان لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا دەلالەت و رەهەند و چەمکە مێژوویی و زەمەنییەکانی لە بەرژەوەندی هزری نوێگەری سەردەمی نوێکاریدا بوو، لەسەر حسابی فەلسەفەی زانستی کۆمەڵایەتی بەگشتی، لەپێناو بەدیهێنانی گەورەترین قازانج بە پێوەرە ئابووری و ماددییەکان، هەروەکو چۆن چەمکەکانی دادوەری لەبەرهەمهێنان و هاوسەنگی لە بەکارهێنان و پاراستنی مافەکانی نەوەی داهاتوو رەهەندە ئەخلاقییەکانی پشت گوێ خرابوو، ئەمەش پێویستی بە هەڵوەستەیەک هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەرامەتە سروشتییەکان و وەبەرهێنانی.

هەڵسەنگاندنی گرفت و ناڕوونی گەشەپێدانی سەربەخۆ و لێکۆڵینەوەی لە ناو

چوارچێوەی پرۆژەیەکی شارستانی هاوچەرخ دا، پێویستی بە گەشەپێدانێکە کە تێڕوانینی بۆ پرۆسەکە سەرتاپاو هاوسەنگ بێت، بگرە هۆشیارانەبێت لە ئامانج و ئاراستەکانیدا.

## میتۆد: ماهییەتی گەشەپێدان

بۆ تێگەیشتن و زانینی گەشەپێدان، ئەنجامدانی پرۆسەیەکی توێژینەوە، قووڵی، گریمانەکان لەلایەک و دەرئەنجام و ئامانجەکان لەلایەکی تر پێویستە، بەشێوەیەک پەیوەندییەکانیان گونجاو یان ڕێکوپێکیان بکات، بەجۆرێک پرۆسەی بووژانەوە بزووتنەوەیەکی کوێرانە و پشێوی نەبێت یاخود گوێگرتن و بایەخێکی کاتی بۆ پێداویستییەکان و تەنیا کاردانەوەیەکی دەولی و ئیقلیمی بێت، بەڵکو بەردەوام بێت و لە گەوهەردا پرۆسەیەکی گەیەنراوبێت بۆ هێنانەدی پلەوپایەی خودی مرۆڤ لە شوێنی راستەقینەی خۆی لەناو شارستانییەت و رۆژگاری ئایندە، بوژانەوە نایەتەدی بە دووبارەکردنەوەی کۆن یاخود دابڕان لێی، بەڵکو پرۆسەیەکی یەک لەدوای یەکە، لە رێگای ئەزموونی شارستانێتی بەردەوامە و لەگەڵ دەوروبەری جوگرافیاو مێژوو کاریگەرییان بەسەر یەکەوە هەیەو دەوروبەرەکە فراوانتر و گەورەتردەبێت بێ ئەوەی چەقی ناوەندەکەی بگۆڕێت، ئەمجۆرە توێژینەوانە، سەرجەم توێژەرەوەکان رێککەوتوون بەوەی لێکۆڵینەوەیەکی مەعریفی (ئەبستمۆلۆجی)یە، کە بە باشترین میتۆدی توێژینەوەو توانین دادەنرێت، بەتایبەت لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ رووداوە لێکچووەکان.

هەرکەسێک راستی چەمکی گەشەپێدانی بۆ دەرکەوێت، پێناسەو وەرگرتنی گەشەپێدانی سەربەخۆی لا ئاسان نییە، بگرە کەموکورتییەکی مەنتقی بۆ دەردەکەوێت لە واتاو ئاماژەکاندا، کە هیچ زیادەیەک ناخاتە سەر مەسەلەکە وەکو بڵێی مرۆڤی قسەزان، خۆری رووناک، بەفری سارد، ئەم هەموو باسکردنە گەوهەر و ناوەڕۆکی باسکراوەکەیە، گەشەپێدان پرۆسەیەکی لەدایکبووی خۆییەو، بەشێوازێکی

سەربەخۆ، بەردەوامە نەک بە کاریگەرییەکی دەرەکی، (ئەبو هلال ئەلعەسکەری) لەمبارەیەوە دەڵێت: پەرەسەندن واتە کارێک یاخود شتێک لە خودی خۆیدا زیاد دەکات، نەک بە زیادکردنی شتێکی تر، رووەک دەبووژێتەوەو زیاد دەکات، بە کەسێکیش ناڵێن کە میراتیەکی وەرگرتبێت کە پارەکەی پەرەی سەند...

گەشەپێدان پرۆسەیەکی خۆیی سەربەخۆیە لە ناوەڕۆک و کردەدا، گەر سەربەخۆ نەبێت بە کەڵکی ئەوە نایەت بە گەشەپێدانی ناوزەدبکرێت، بەڵکو رەنگە چەمکێکی تری ناولێ بنرێ باشتربێت.

کرۆکی گرفتەکەی چەمکی گەشەپێدان لەژێرخانی زانیارییەکاندایە کە قسەوباسی لەسەر دەکەین، ئەبستمولۆجیای گەشەپێدان، سیستەمێکە لە چەمک و ئامانج و حەزەکان بەشێواز و تێڕوانینێکی دیاریکراو بۆ مرۆڤ و گەردوون و ژیان، لە پێناو لێکۆڵینەوەی ژێرخان بە جۆرێک وردەکاری و راستی زانستی رەچاوکرابێت پێویستە ئەم مەسەلە بنەڕەتیانە تاوتوێ بکرێت:

**١- بێ لایەنی یا پێوانەیی کات:**

گرفتی چەمکی کات و رەفتارکردن لەگەڵیدا، لەناوەڕۆکدا مامەڵەکردنە لەگەڵ قوڵایی فەلسەفەی "گرفتی گەشەپێدان".

چاودێر بەرامبەر سیستەمەکانی چەمکی گەشەپێدان، ئەو راستییە دەدۆزێتەوە، کە سەرجەم سیستەمەکە لەو روانگەیەوە بۆ پێشەوە دەچێت، کات بە پێوەرێکی دیاریکراو جووڵەی کۆمەڵگا دادەنرێت و، تەنانەت بۆ رەهەندەکانی پرۆسەی گەشەپێدان و ئاستەکان و ئامانج و مەبەستە نزیکەکان و دوورمەوداکان. چەمکەکانی پێشکەوتن و دواکەوتن، نوێگەری و کۆن.. هتد هەمووی دەلالەتێکی دیاریکراو بۆ چەمکی کات لەخۆ دەگرێت، ئەم دەلالەتە بە روونی دەریدەخات جووڵەی کات بۆ پێشەوە جووڵەیەکی ئیجابییە، نوێ بە بەردەوام باشترەو کۆنیش بە بەردەوام خراپە، هاتنی رۆژگار و تێپەڕبوونی واتە گواستنەوەی کۆمەڵگایە لە دۆخێکدا بۆ

دۆخێکی باشتر، ئەم بۆچوونە لەگەڵ واقیع و مەنتقدا ناگونجێت، چونکە بەپێی ئەو بۆچوونە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەدرێژایی مێژوو جگە لە پێشکەوتن هیچی تری بەخۆوە نەبینیوە، دارمانی شارستانیەکانیش رووی نەداوە یاخود تەنیا بزووتنەوەیەکی پێشکەوتن و گۆڕان بووە بەرەو باشتر، یاخود روسیا لە سەردەمی یەکێتی سۆڤێت خراپتر بووە لە روسیای دوای یەکێتی سۆڤێت و، مسری سادات باشتر بووە لە مسری عەبدولناسر، یا جیهانی ئەمرۆ لە جیهانی دوێنێ نزیک و دوور باشترە، هەموو ئەم گریمانانە لەسەر راستیەکی واقیعی و ئاماژەیەکی بابەتییانە دانەمەزراوە، بگرە لە بنەڕەتدا لە تێڕوانینێکی فەلسەفی واوەهاتووە، پێوەری کات بە گشتگیرییەکەی دادەنێت، واتە پێوەری جووڵەی مێژوویی گشتی بۆ جیهان "شارستانیەتی بالادەست"، نەک مێژووی تایبەتی گەلان و شارستانییەتە دیاریکراوەکان، هەروەکو چۆن بیرۆکەی دابەشکردنی مێژوو بۆ کۆن و ناوەڕاست و نوێ دانرا، کە ناوەڕۆک (میتۆد)ێکە (ئۆزواڵد شینگەلر) پێی وایە: "هیچ وپووچ و لاوازە، هیچ مانایەکی نییەو بیروهۆش قبووڵی ناکات، لەکاتێکدا مێژووە گەورەو شارستانییەتە رەسەنەکان بە دەوری ئەم چەمکە وا بە ئاسانی بسوڕێنەوە! هەروەکو وابێت دارمانی ئەوروپا دارمانی جیهانەو بوژانەوەشی بوژانەوەی جیهانە، ئەم گریمانە مێژوو بە پێچەوانەوە دەسەلمێنێت، بوژانەوەی ئەوروپا لەسەر حیسابی وێرانکردنی شارستانی و گەلانی جیهانی سێیەم و داگیرکردنیان بوو، کەڵەکەبوونی سەرمایەی پیشەسازیش بەرهەمی رووتکردنەوەی ئابووری وڵاتان و گەلانی ژێر دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم بوو، دواکەوتوویی ئەوروپا و تاریکی لەسەردەمەکانی ناوەڕاستدا، لەبەرامبەر رووناکی و پێشکەوتن و بوژانەوەی شارستانی ناوچەو پێگەکانی تری جیهان بووە، کە جیهانی ئیسلامیشی لەگەڵدابوو.

کات لە خودی خۆیدا "توانێتی فرمانێکە" بەم فرمانە مرۆییە خەسڵەتی کات داری دەبێت، کە ئایا زەمەنی بنیاتنان و بوژانەوەو شارستانییە، یا زەمەنی دارمان و

دواکەوتەیی و وێرانکردنە.

یەکەمین رەهەندەکانی دیاریکردنی ناوەڕۆکی گەشەپێدانی سەربەخۆ، سەربەستە لە دیاریکردن و وەسفکردنی زەمەن (کات)دا، واتە سەربەستە لە دروستکردنی زەمەندا.

**٢-چەمکی رۆشنبیری و ئامادەکردن:**

هەندێک کەس پێیان وایە پێویست بە چەمکی رۆشنبیری و شارستانی ناکات لە کاتی دیاریکردنی گەشەپێدانی سەربەخۆدا، کەچی ئەم دوو چەمکە پەیوەندییەکی راستەوخۆ و توندوتۆڵیان لەگەڵ چەمکی گەشەپێدانی سەربەخۆ هەیە، بانگەشەکارانی تیۆری گەشەپێدان لە نووسین و دەقەکانیاندا گرفتی گەشەپێدانیان بە رووداوێکی رۆشنبیری دادەنا، بەڵکو لەوە زیاتر بۆچوونیان وابوو لە رێگای رۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنییەوە گەشەپێدان دروست دەبێت.

ئەمجۆرە رۆشنبیری و مەدەنییە مەرجێکی سەرەکی و پێویستە بۆ بەدیهێنانی گەشەپێدان، لەلایەکی ترەوە شارستانیەت لەم جۆرە بۆچوونەوە یاخود لە ئەدەبیاتی گەشەپێدانەوە بەگشتی ئەو چوارچێوەیەیە کە پرۆسەی گەشەپێدان پێش دەخات، ئەمەش ئەو ئامانجەیە کە گەشەپێدان هەوڵی بۆ دەدات.

گەر بێت و ئامانجی دارشتنەوەی شارستانییەکی نموونەیی و گەیشتن بە قۆناغی شارستانی و ئامادەگی و خەسڵەتەکانی شارستانییەتی نەبێت ئەی چی بێت؟!

ئالێرەوە وتووێژکردن لەسەر ئەم دوو چەمکە لە چوارچێوەی دیاریکردنی گەشەپێدانی سەربەخۆ بابەتێکە لە دەرەوەی زانست و بابەتییانەی توێژینەوەکە نییە، کە گەڕانە بەدوای گرفتی گەشەپێدان.

شار و ژیان تێیدا خەسڵەت و شێوازێکی (ئامادەیی) نەتەوە یاخود گروپێکی مرۆڤییە، خەسڵەتێکی ئامادەیی ئەزموون و تاقیکردنەوەیەکی مرۆییە، کە لەناو خودی ئەم ئەزموونە تێڕوانینێکی گەردوونی هەڵگرتووە، دەزگاو بەهاو نموونەو

کەرەستەکان دیاری دەکات، واتە جیهانی هزر و جیهانی کەرەستە، هاوکات ئاستی تێڕوانینی بۆ جیهانی غەیبیات و کۆمەڵگەکانی تری مرۆیی و سروشت دیاری دەکات.

واتە شارستانی ئەو سیستەمەیە کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێش دەخات، شارستانییەت ئەو میکانیزمەیە کە تێڕوانینی مرۆڤ دەسازێنێت بۆ خواوەند و گەردوون و جیهان و ژینگە، لێرەدا شارستانیەت چەمکێکی بێ لایەنە ئاماژە و وەسفی دۆخی نەتەوەیەک لەناو نەتەوەکانی تردا دەکات و، ئاستی ئامادەییان لەناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دیار دەخات، بەجیهانیبوونیشی لە روانگەی بەشداریبوونی لە دامەزرانی شارستانییەتی مرۆڤایەتی دەردەکەوێت، شارستانیەت سیفەت و شێوازێکی باش یاخود خراپ نییە، بەڵکو بەپێی ناوەڕۆک و پێکهاتەی شێوازی بوونی ئەو نەتەوەیەو بەشداریکردنی لە بنیاتنانی جیهانێکی باشتردا، یاخود هەڕەشەکردنی جیهان بەهێز و دەسەلات و لەخۆباییبونی، هەروەها ناکرێت بڵێین شارستانییەتێکی جیهانی بوونی هەیە، بەڵکو چەند شێوازێک هەیە و جۆراوجۆرە لەگەڵ جیاوازی نەتەوەکان، چەند شارستانیەتێکی جیهانی هەیە و هەریەکەیان هەوڵی بەهێزبوون و گونجاندنی بۆ زۆرترین مرۆڤ دەدات، نموونەی بەپێی شوێن و بەکاریگەری هەڵبژاردنی مرۆڤ شارستانیەتی جیاواز و تازەی لێدەکەوێتەوە.

سەبارەت بە چەمکی رۆشنبیری مەبەست ئەو تاریفانە نییە، کە دەیکاتە سیستەمێکی ئەخلاقی و پێوەر و شێوازی بژێوی ژیان و هزر و هونەر و دابوونەریت..هتد، کە رۆشنبیری (روناکبیری) جیهانی لە دووبەش کۆ دەکاتەوە: یەکەمیان رۆشنبیرییەکی تەقلیدییە ئەوی دیکەش رۆشنبیری نوێیە.

تەقلیدی سەرجەم رۆشنبیرییەکانە جگە لە رۆژئاواییەکان، نوێیەکەش رۆشنبیری رۆژئاواییە و ئەو کەس و گروپەی لەسەر ئەو شێواز و خەسڵەتە دەڕۆن بەڕێوە و ئاراستەیان وەرگرتووە، هزر و بۆچوونەکانی گەشەپێدان هەر لە نووسینەکانی

(لوشیان بای- سیدنی فیبان) باس لە "رۆشنبیری سیاسی و گەشەپێدانی سیاسی" کراوە، لەو کاتەوە ئەم دوو چەمکەی تەقلیدی و نوێ لە ئەدەبیاتی گەشەپێداندا ناویان هاتووە، رەنگە پێناسەی ساکاری زمانەوانی (ئیبن مەنسور) لە (لسان العرب) باشترین پێناسەبێت تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە چەمکی رۆشنبیری ئەو زانیارییە گشتییە یە کە مرۆڤ لە زەمەن و شوێنێکدا پێویستێتی، هەروەها چەمکێکی وا نییە بۆ هەموو کۆمەڵگاکان بگونجێت، مانای بنەڕەتی و گەوهەری چەمکی رۆشنبیری بەستنەوەو پەیوەندی نێوان زانیاری مرۆڤ و پێگەو واقیع و پێداویستییەکانێتی، رۆشنبیری، توانای کۆمەڵگایە، هاوکات دەبێت شارەزاییەکی جێگیر و گشتگیری هەبێت، هەروەکو چۆن شارەزایی لەسەر پیداویستییەکان لە زەمەن و شوێنی دیاریکراو هەبێت، ئەمەش لە بنەڕەتدا گەشەپێدانی راستەقینەی سەربەخۆیە، کە توانای بوژانەوەی کۆمەڵگا و هاندان و وەرگرتنی واقیعی تێدابێت، هەروەکو چۆن هەوڵی بەدیهێنانی ئامانج و ئومێدەکانی دەدات.

**٣- خود و ئەویتر: ناوخۆیی و دەرەکی:**

لە ناوەڕۆکدا بوونی گەشەپێدانی سەربەخۆ دەرکەوتنی خودەو تێکۆشانێکی ئایندەییە بۆ بەدیهێنانی مێژوو، بەمجۆرە ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێت (بەپێی ئاماژە رەوانبێژییەکە) گەشەپێدان پرۆسەیەکی نێوخۆییە لە خودەوە هەڵدەقوڵێت و لە واقیعە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکاندا رێکی دەخات.

-خود-ی نێوخۆیی بەپێی رەهەندە نێوخۆییەکان گەوهەرە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت پرۆسەکە تەنیا پرۆسەیەکی داخراویی نێو خودە، بەڵکو لە وتووێژێکی بەردەوامدایە و یاسایەکی دیاریکراو فەرمانڕەوایی دەکات، کە -خود- دەکاتە ناوەندێکی بازنەیی، بە پێی فاکتەرە مێژوویی و ژینگەیی و دەولی و نێوخۆیی فاکتەرەکان، کاریگەری لە چوارچێوەی بازنەکە دەبێت، بەڕادەیەک بازنەکە فراوانتر و پانتاییتر دەکات، بەڵام لێرەدا گەر ناوەند نەگۆڕێت گەشەپێدان خەسڵەت و

بنەماکانی سەربەخۆیی لەدەست دەدات و لە خاڵی مەرجەعییەتدایە. پرۆسەکە هۆشیاری بەردەوامی دەوێت، ناشکرێت ئەوانی تر ڕەفز بکرێنەوە.

دەتوانین لە ڕێگای جێبەجێکردنی گەشەپێدانی سەربەخۆ وەڵامی زۆر پرسیاری تایبەت بەمجۆرە گەشەپێدانە بدەینەوە، لە ڕێگای تەئکید کردنەوە لەسەر ئەوەی " گەشەپێدان بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگا"یە، بە هەموو ئاست و ئامانج و ڕەهەندەکانییەوە، ئەم گەشەپێدانەش بەگشتی لە ڕێگای پشت بەستنە بە توانا نێوخۆیی و بەردەستەکان، بەشێوەیەک ئەم توانایانە ببێتە هۆی گەشەپێدان و پێشخستنی تواناکان و سود وەرگرتنی لێیان، بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئامانج و ئومێدەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگا، کە هەڵقولاوی ناسنامە و تایبەتمەندییەکەیەتی بۆ بەدیهێنانی گەشەپێدانی سەربەخۆ.

لەمبارەیەوە بابەت و ڕاوبۆچوونەکان زۆرن و جۆراوجۆرن، یەکەمین بانگەشەکارانی گەشەپێدان کە (بۆڵ باران) لە پەرتووکی "ئابووری سیاسی گەشەپێدان"دا ئاماژەی پێداوە، لەم پەرتووکەدا توێژینەوەیەکی لەسەر کۆمەڵگای هیندی بڵاوکردەوە، ئەو پێی وایە گەشەپێدانی سەربەخۆ لە ڕێگای زیادەی ئابووری (فائظ الاقتصادی) و بەفیڕۆنەدانیەتی و، دووبارە دابەشکردنەوەیەکی عادیلانەیە لە بەرژەوەندی چینی هەژاراندابێت.

ئابووریناس (باران) بابەتێکی وروژاند، کە دوای خۆی کۆشش و هەوڵەکان بۆ بەدیهێنانی گەشەپێدانی سەربەخۆ زیاتر بوو، هاوکات (مەحبوب ئەلحەق)ی ئابووریناسی پاکستانی چەند قۆناغێکی بۆ گەشەپێدان دیاریکرد، یەکەمین قۆناغ (پیشەسازی و جێگرتنەوەی هێنراوەکان)بوو کە بەسەرەتای گەشەپێدانی مەزەندەکرد. پاشان هەست بەو ڕاستییەکرا جێگرتنەوەی هێنراوەکان هەڵەیە، بۆیە گەشەپێدانی نێردراوەکانی وەکو بەدیلێکی نوێ و تەنیا چارەسەرێک هاتەپێشەوە، بەڵام هەرزوو ئەم بیرۆکەیەش بە وەهمێکی گەورە دانراو، گەشەپێدانی خێرای

کشتوکاڵ وەڵامی دواکەوتن و پاشکەوتنی دایەوە، بۆ دەربازبوون و پاراستن لە مەترسییەکانی زیادەی دانیشتوان کە رەنگە پرۆسەی گەشەپێدان تێک بشکێنێ "کۆنترۆڵکردنی گەشەی دانیشتوان" هاتە پێشەوە، لە کۆتایشدا چەمکی دووبارە دابەشکردنەوە دەرکەوت. لەگەڵ بوونی بیروڕاو بابەتی جۆراوجۆر چەمکی گەشەپێدانی سەربەخۆ و بەردەوام و گشتگیر (سەرتاپا)، بەڵام هەموویان تەرکیز لەسەر موخرەجاتی پرۆسەی گەشەپێدان دەکەنەوەو تەرکیز ناکەنە سەر دەروازەکانی جگە لە بەشدارییەکانی هەریەک لە:- ئەنوەر عەبدولمەلیک کە تەئکیدی لەسەر زەروورەتی دووبارە چاوخشاندنەوە بە پرۆسەی گەشەپێدان دەکاتەوە، لەسەر بنەمای ئەوەی ئامانجی بەدیهێنانی بوژانەوەیەکی شارستانی سەرتاپایە، هەروەها ئیسماعیل سەبری عەبدوڵلا کە تێڕوانینی وابوو گەشەپێدان پرۆسەیەکی گشتگیرە بۆ لەدایکبوونی شارستانییەتێکی گشتگیر، یاخود قۆناغێکی نوێی پێشکەوتنی شارستانییەتە، هاوکات تێڕوانینەکانی (عادل حوسێن) کە پێی وابوو پرۆسەی گەشەپێدان پرۆسەیەکی سەرتاپایە و سەربەخۆیی لە سەربەخۆیی نموونەی گەشەپێدانەکەوە دێتەدی، نەک تەنیا سەربەخۆیی جێ بەجێکردن و سیاسەت و هۆکارەکان. دیاریکردنی چۆنیەتی هێنانەدی گەشەپێدانی سەربەخۆ بەم بنەمایانەی خوارەوە دەبێت:

**١- دیاریکردنی جۆی گەشەپێدانی داواکراو و خواست و ویستی کۆمەڵگا**

هەموو کۆمەڵگایەکی مرۆیی خاوەنی روکارێکە، ئەم ئاراستەیە ئەو ناوەڕۆکەیە هەموو تواناو وزەکانی تێدا کۆدەبێتەوەو داهێنانەکانی پێش دەخات و دەریدەخات، لە زۆربەی جاریشدا لە شێوەی پرۆژەیەکی نەتەوەیی یاخود پرۆژەیەکی شارستانی دەردەکەوێت، هەروەکو چۆن لە پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی بیستویەک وەکو بیرۆکەی سەربەخۆیی دەرکەوت، ئەمەش دوای جەنگی جیهانی دووەم، ئەم بۆچوون و هزرانە واقیع و ئاراستەی کۆمەڵ و نەتەوەیە، بۆیە زانیارییەکی هەڵەیە بۆ پرۆژەی

نەتەوەیی رواڵەتێکی زەمەنی پێ ببەخشرێت، چونکە تەنیا لە دۆخێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و دەولی دەچەسپێت، لەگەڵ بەدیهێنانی ئەم پرۆژە نەتەوەییە، مەبەست و ئاراستەی کۆمەڵگە بۆ پرۆژەیەکی تر دەچێت، وەکو پرۆژەکانی یەکگرتن، یاخود دەرکەوتنی پرۆژەی گەشەپێدان دوابەدوای بەدیهێنانی پرۆژەی سەربەخۆ لە هەردوو کیشوەری ئەفریقیاو ئەمریکای لاتینی.

جیاوازی نێوان رەهایی کە روکار و مەبەستە لەگەڵ رێژەیی پرۆژەکە کارێکی پێویستەو رەهەندێکی سەرەکییە بۆ دیاریکردنی تێڕوانینی کۆمەڵگاکان.

مەبەست لە دیاریکردنی شێوازی گەشەپێدان یاخود تێڕوانینی کۆمەڵگا دیاریکردنی رەهەندە جێگرەکان و دیاریکراوە رەهاکانە لە بزووتنەوەی پەرەسەندنی کۆمەڵگایەکی دیارکراو، کە مەبەست لە پرۆسەی گەشەپێدان چییە؟ یاخود دۆخی نموونەیی چییە کە دەیەوێت جێبەجێی بکات؟ یا بەدەستەواژەی فارابی خەسڵەتەکانی بەهەشتەکەی ئەفلاتوون کامەن کە هزر و دڵەکان مەبەستیانە بگەن پێی؟ دیاریکردنی ئەم نموونەیە مانای هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی نییە، چونکە لە زۆربەی کاتدا نایەتەدی و یاخود، بە تەواوی جێبەجێ ناکرێت وەکو دیموکراتییەت و لیبراڵی و شیوعییەت، سەرجەم ئەم نموونانە مرۆڤ لە هەوڵی ئەوەدایە زۆرترین و زیاترین مەبەستی جێبەجێ بکات بێ ئەوەی بیکاتە واقیعێکی راستەقینە بۆ دیاریکردنی وردی ئەم نموونەیە پێویستمان بەدیاریکردنی خەسڵەت و شێوەکانی کۆمەڵگاکە هەیە، گەر بێت و هەندێک لەو نموونانە بێتەدی، ناکرێت گەشەپێدانی ئابووری لەسەر حسابی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشنبیری و مەعنەوی بێت یا بە پێچەوانەوە، سەرنج و تێڕوانینمان بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تەواوکاربێت و قابیل بە پارچە پارچەکردن و لێکبوونەوە نەبێت و، تەواوکردنی لایەنێک لەسەر حیسابی لایەنێکی تر یاخود دواخستنی نەبێت، گەشەپێدانی راستەقینە لەسەر سەرجەم ئاستەکان بە هاوسەنگی بەڕێوەدەچێت، بگرە

گەشەپێدانێکی سەربەخۆی سەرتاپا نابێت ئەگەر بێت و تەرکیز لەسەر کەرتێک بکات بێ گرنگیدان بە سەرجەم کەرتەکان، بۆ نموونە تەرکیزکردنە سەر کەرتی پیشەسازی و فەرامۆشکردنی کشتوکاڵ، یا کەرتی فێرکردنی زانکۆیی لەسەر حسابی فێرکردنی گشتی، یا تەرکیز کردنە سەر دامودەزگاکانی ناوەند و بەپەراوێز کردنی دامودەزگا خۆجێییەکان، یا تەرکیز کردنە سەر چاکسازی دامودەزگا تەشریعییەکان. خۆگێلکردن لە چاکسازییەکانی دەزگا جێبەجێکارەکان و..هتد، هاوکات هاوسنگ کردنی ستوونی کۆمەڵگا وەکو پەیوەندی نێوان گوند و شار یا چین و توێژەکانی ئیتەنی و ئاینی لە زەرورەتەکانی گەشەپێدانی سەربەخۆیە. بەمجۆرە تێبینی ئەوە دەکەین گەشەپێدانێکی نموونەیی لەسەر بنەمای دادوەری و هاوسەنگ بوون و گشتگیرییە.

کە نموونەییەکی ئایدیالییە یا تێروانینێکی کۆمەلایەتییە لەهەمان کاتدا رەنگدانەوەی ناسنامەی ئەو کۆمەڵگایە یا نەتەوەیەیە.

## ٢- گەرانەوەی هاوسەنگ بوون لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا تەواوکەر و سەربەخۆ

گەربێت و بیرو هزری سەربەخۆیی لە گەشەپێدان ببێتە هۆی بەدیهێنانی سەربەخۆیی دەوڵەت و کۆمەڵگا لە وڵاتان و کۆمەڵگاکانی تر، ئەوا ئەم هزرە نایەتەدی بەبێ بە دیهێنانی یەک لەدوای یەکی سەربەخۆیی، چەمکی سەربەخۆیی دابڕانی پەیوەندی و تەواوکردنی نییە، بگرە لە گەوهەردا واتە هاوسەنگ بوونی پەیوەندییە، چونکە لەنێوان چەند لایەنێکی سەربەست و سەربەخۆدا دێتەدی کە خۆویستانە ئەو پەیوەندییە دەبەستن و بە تەواوی ویستی خۆیانەوە بەردەوام دەبێت.

ناوەڕۆکی چەمکی سەربەخۆیی بریتییە لە هاوسەنگ بوون، بەم چەشنە قسەکردن لەسەر تەواوکەری سەربەخۆیی واتە هێنانەدی هاوسەنگییەکی ویستی و گوێڕایەڵییە لەنێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا لەلایەک و دەوڵەت و کۆمەڵگاکانی تر لەلایەکی دیکەوە، ئەم

چەمکە مەبەست و دەلالاتەکانی هەر لێرەدا ناوەستێت.

بەڵکو دەلالات و واتای تر هەڵدەگرێت، سەربەخۆیی لە جیهانی دەرەوە دوا وەرچەخان نییە، سەربەخۆیی دەوڵەت لەجێبەجێکردنی گەشەپێدانی سەربەخۆ، سەربەخۆ بوون و هاوسەنگ بوون لەنێوان پەیوەندییەکانی دەوڵەت بە کۆمەڵگاوە لە قۆناغەکانی ترە، بە جۆرێک دەوڵەت هێز و دەسەڵاتی گەورە نەکات و هێز و توانای کۆمەڵگاش نابووت بکات و لەسەر حیسابی ئەم بێت، لەجیهانی عەرەبیدا سەرنج و تێبینی ئەوە دەکرێت دەوڵەت دڕندەبووە لەسەر کۆمەڵگاو وردەوردە سەرجەم هێز و چالاکییەکانی لێ تالآن و راووروت کردووە، هاوکات ئەرک و فشارەکانی لەسەر شانی کۆمەڵگا قورستر کردووە، ئەمەش شکست و بێ توانایی رۆڵی سروشتی کۆمەڵگای لێکەوتەوە، شکستەکانیش بە گەورەکردن و فراوانبوونی کۆنترۆڵ و لێ سەندنەوەی زیاتر تواناکانی کۆمەڵگا چارەسەردەکرێت، بەمەش کەوتە نێو بازنەیەکی شکستی بەتاڵەوە، لە بازنەی داخراودا، شکست و لاوازی لێدەکەوە، هێزێکی زیاتر، شکستێکی گەورەتر، کە لە ئاکامدا شکستی پرۆژەکانی گەشەپێدانی بەردەوامی بەدوای خۆیدا هێنا.

بگرە دارمانی دەوڵەت وەکو حاڵەتی جەزائیر و بەفیڕۆدانی توانا و وزەکان وەکو مسر و سودان و سوریاو تونس و هتد...بۆ بەدیهێنانی گەشەپێدانی سەربەخۆ پێویستیمان تەنیا بە سەربەخۆیی و هاوسەنگبوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ جیهانی دەرەوە نییە، بەڵکو هاوکات پێویستیمان بە سەربەخۆیی و هاوسەنگییەکی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگاش هەیە، سەرەبەخۆیی و هاوسەنگ بوونی نێوان هێز و تەیارەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگاش زەرووره، کە ئیدعای بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگا و مۆنۆپۆڵی دەربڕینەکان لە سەر یەکتر نەکەن.

لەکۆتاییشدا بەدیهێنانی سەربەخۆیی و هاسەنگ بوون لە پەیوەندی تاک لەگەڵ کۆمەڵگا یاخود دەزگای کۆمەڵگای مەدەنی پێویستە، بەشێوەیەک مرۆڤ بنەماو

لایەنێکی سەرەکی و سەربەخۆ بێت لەم پەیوەندییەدا نەک تەنیا مەسەلەیەک بێت، لەم ئاستەدا واتای سەربەخۆیی لە گەشەپێداندا دێتە بەرهەم و نموونەیەکی گەشەپێدانی هاوسەنگ دەبێت.

**٣- سەربەخۆیی لە هەڵبژاردنی و دیاریکردنی پێداویستییەکان. سەربەخۆیی حەزی بەکارهێنان:**

نموونەی ئابووری رۆژئاوا شۆڕشی پێشبینی ییەکانی داهێنا، خەون و ئومێدەکان لەسەر شێوەی رۆژئاوایی نەخشەی بۆ کێشرا، گەشەپێدانیش دیاریکردنی پێداویستییەکانە، چۆن نەتەوەیەک دەبوژێتەوە کە پێداویستییەکانی بە پێوەرێک دانرێت کە وڵاتانی تر بۆی دارێژێت و، لە هەوڵی ئەوەدابێت کاڵا و کەلوپەلەکان لێرە بازاڕی بۆ بدۆزێتەوەو ئابوورییە کەمان لە پاشەکەوتی پێویستی بێ بەش بکات، کە لەسەرمایە گوزاری گەورە کارمان پێی دەبێت بۆ بوژانەوەو سەربەخۆیی ئابووری.

لەگەڵ ئەوەی یەکەمین توێژینەوە زانستییەکانی گەشەپێدانی سەربەخۆ ئەو توێژینەوەیەی جێگرتنەوەی هێنراوەکانە، واتە بەرهەمهێنانی نێوخۆیی ئەو کاڵایانەی کە لە دەرەوە دەهێنرا، بەم سیاسەتە وا دەزانرا دەتوانرێت گەشەپێدانی سەربەخۆ بهێنرێتەدی، بەڵام پێشکەوتنی نەزمی ئابووری سەرمایەداری سیاسەتی جێگرتنەوەی هێنراوەکان بوو بە داواکارییەکی وڵاتانی پیشەسازی گەورە بۆ ئیستغلالکردنی دەستی کاری هەرزان لە وڵاتانی جیهانی سێ داو دواتر دامەزرانی کارگەکانیان لە وڵاتانەدا.

فەلسەفەی دامەزرانی ئەو کارگانەی هەمان جۆر کاڵا بەرهەم دەهێنن کە پێشتر دەهێنرایە نێو وڵاتەکانەوە، کارێکە پەیوەندی نییە بە سەربەخۆییەوە، ئەو پەیوەندییە کەمەو کاتییەش کەدەیبەستێتەوە بە پرۆسەی گەشەپێدانەوە تەنیا لە بوارەکانی بەگەڕخستنی دەستی کار و بەرزکردنەوەی داهاتی تاکەکەسییەوەیە، کە لە هەموو حاڵەتیکدا دوورە لە فەلسەفەی گەشەپێدانی سەربەخۆ و بەرنامەی بەدیهێنانی،

چونکە گەشەپێدانی سەربەخۆ ناکرێت تاوەکو لەسەرجەم رەهەندەکان و ئاراستەکانی سەربەخۆ نەبێت، ئەو رەهەندانەش مەبەست رەهەندی بەرهەمهێنان نییە بەڵکو رەهەندێکی بەکارهێنانە، تێیدا بەرهەم و جۆر و چەندایەتی و نرخ دیاری دەکرێت، خواست گۆڕاوێکی بنەڕەتییە لە هەموو نەزمێکی ئابووری دا، هاوسەنگ و سەربەخۆیە لە هزر و دەستێوەردانە راستەوخۆکانی دەوڵەتدا. بەرهەمهێنەریش بەدوای قازانج و ویستی بەکارهێنەراندا دەگەڕێت و کاریگەری لەسەر بەرهەم و ئاراستەو گۆڕانکارییەکاندا دەبێت، لێرەدا بەدیهێنانی سەربەخۆیی لەبەر حەز و خواست و پێویستی بەکارهێنان لەگەوهەردا بناغەی پرۆسەی گەشەپێدانی سەربەخۆیەو، دەبێتە هۆی پێشخستن و بەردەوامی و بوژانەوەی بەرهەمە تەقلیدییەکان و پیشە دەسکردەکان و پیشەسازی و بەرهەمی نێوخۆیی.

**٤- سەربەخۆیی لە بەگەڕخستنی دەرامەت و تواناکان سەربەخۆیی بەرهەمهێنان**

هەڵەیە وا تێبگەین چەمکی گەشەپێدانی سەربەخۆ تەنیا پشت بەستنە بە دەرامەتە نێوخۆییە بەردەستەکان، ئەزموونی یەکێتی سۆڤێتی جاران و ژاپۆن لە قۆناغەکانی سەرەتایی پرۆسەی گەشەپێدان جوانترین پێوەر و نموونەیە بۆ ئەم تێگەیشتنە.